# حەویجەی کەرکوك

**هاشم عاسی کاکەیی**

**حەویجە یاخود شۆریجە، شۆرجە ، زەوی شۆرەکات لەزمانی کوردیدا،پاشان بەزمانی عەرەب کرایە (ملحە) .لەپێشدا گوندێك بووە دوایی پەرەی سەندووەو بووەتە شارۆچکەیەك لە شاری کەرکوك . خاك و زەوی و زاری ئەم ناوچەیە پێش هاتنی عەرەب بۆی ، لەلایەن چەند بڕکە ماڵێکی هۆزو تیرە کوردەکانی کەرکوك و دەوروبەری ئاوەدانی تێدا کرابوو،وەك شێخ بزێنی و ساڵەیی و شوان وکاکەیی(چۆڵمەك)و ورمزیارو سمایل عوزێری و کافرۆشی و بیبانی و برێك لەتیرەکانی**



**قەرەحەسەن لەسەروشیانەوە رۆژبەیانیەکان[1] .. لەچەند شوێنێکی ئەم زەوی ناوچەیە (کنگر)ی لێ دەڕووا جگە لە (تۆڵەگە) و لەوەڕگەیەکی باشی هەبوو بۆ خاوەن مەڕو ماڵاتەکانیش،جوتیارە کوردەکان بەخۆیان وخێزانیانەوە رویان دەکردە ئەم دەشتە دەچوون تۆڵەگەو کنگرو دۆمەلان وقارچکیان دەهێناو لە کەرکوکدا دەیان فرۆشت، هەندێ جاریش بۆ بژێوی خۆیان بوو.راستی ئەم بۆچوونە تائێستا دووگوند لەم دەڤەرەدا ماوەتەوە بە ناوەکانی(خبازە: تۆڵەگە)و (کاعوبە:کنگر)و کاکەیی نشین بوون کەهەندێ بەڵگەنامەی رەسمی ئەو کاتە لام پارێزراوە،لەبەر ئەمە سەرۆك هۆزەکانی کورد بڕکە بڕکە ماڵە جوتیاریان لە هۆزەکانی خۆیان بۆ ئەم دەڤەرە دەنارد بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی ، ئەگەر چی زەوی و زاری حەویجە سەر بە سەید ئەحمەی خانەقای کەرکوك بوو . خانەقای کەرکوکیش لەدەوروبەری 1250ك/1834ز بە فەرمانی (سوڵتان عبدالمجید)ی یەکەم لە پادشایانی عوسمانی بۆ شێخ قادری نەوەی سەید ئەحمەدی سەردار دروست کرابوو ، چەندین گوندو دێهاتی بۆ مەسرەف و خەرجی خواردن و بەخشین پێوەی بەسترابوو ، مامۆستا رۆژبەیانی لە نووسینێکدا ئەڵێ ((سەید ئەحمەی خانەقا سەرانی هۆزەکانی کورد و عەرەب روویان دەکردە خانەقاکەی وەك ساڵەیی ، شوان وکاکەیی و سیامەنسوری و زەنگنەو رۆژبەیانی و عەرەبی حەویجەو تورکمانی کەرکوك . سەید وەك شێخ مەحمود چووە شەڕی (شعێبە)و قۆڵێکی شکا لەو شەڕەدا.پاش داگیرکردنی عیراق ئینگلیزەکان سەریان دەخستە سەر سەید،هانی مەلا قادری مودیری ئەوقافیان دا لایەکی لە حەوشەی مزگەوتی خانەقا دابڕی و کردیە مەدرەسەی دینی کە ئەمڕۆ جێگاکەی کتێبخانەی گشتییە ، پاشان سەیدیان خستە ژێر چاودێری و لەیەکی مارتی 1923 لە کەرکوك دوورخرایەوە بۆبەسرەو تا (6)ی مایسی 1925 لەوێ مایەوە پاشان لەم باسی گێڕانەوەی خانەقاو سەید ئەحمەد دوو سێ خاڵی گرنگمان دەست دەکەوێت:**


**1- زەوی و زاری حەویجە سەر بە خانەقا بووە و عارەبی تازە هاتوو بۆ حەویجە ئاموشۆی خانەقایان کردووە، بۆ پەیوەندی بەستن و مانەوەیان لەسەر زەوی و لەوەڕگای ناوچەکە.**

**2- سەید لە شەڕی دژە ئینگلیز بەشدار بووە و ئەوانیش رقیان لێی بووە بەهۆی**

دەسەڵاتی لە کەرکوك و دەورو بەریو دابڕینی بەشێك لە مزگەوتی خانەقاکەی و شەڕ پێ فرۆشتنی چونکە روی پێیان نەدەدا.

3- رەنگە هەر بەپیلانی ئینگلیزەکان بووبێ کە پێیان خۆش بووە زەویو زاری حەویجەی لەژێر دەست دەر بکەن بە تایبەتیش ساڵی 1936 لەسەردەمی(یاسین الهاشمی)ئەو پیلانە دەستی پێکرد.

4.رەنگە سەید ئەحمەد خۆی هانی سەرۆك هۆزە کوردەکانی دابێ بچن بۆ سەر زەوی حەویجە بۆ ئاوەدان کردنەوەی لەوانەشە هەستی بەم پیلانەی ئینگلیزەکان کردبێ. بۆ خەڵکانی ئەو گوندە کورد نشینانەی سەرەتا لەدەڤەری حەویجەدا دەژیان ژمارەیان زۆر نەبووە، هەر گوندێکیش لە دەورو بەری (15.10)ماڵی تێدا نیشتە جێ بوون،کە سەر ژمێریان بەگوێرەی ئاماری ساڵی (57)نوسراوە.لەو گوندانە (سابیر بەگ ،شۆریجە ، ماحوز(500)کەس،عەزەبۆز، بابۆجان(100)کەس،تەپەگەورە ، لەزاگە(50)کەس،مەدینە ئەکراد(400)کەس،تەپەکوڕە،ستە ، تەل عەلی(250)کەس،سەبعە،خان )[3]، بڕێك لەم گوندانە عارەبی تێدا بوون لەگەل کوردان . هەروەها کوردان توانییان چەند گوندێك ئاوەدان بکەنەوە وەکو (کاعوبە(31)کەس،ئەبو گەصە(28)کەس،ئیدریس هەیاس(80)کەس ـکاکەییەکان ئاوەدانیان کردەوە)،کواز کورد(68)کەس[4]. عەرەبەکان گوندێکیان بۆ خۆیان درووست کرد ناویان نا (کواز عەرەب).بەهۆی کۆچڕەوی عەرەب بەدوای لەوەڕدا بەرەو دەڤەرەکانی کوێستانی کوردستان و گەڕانەوەیان بەرەو گەرمیانی کەرکوك و دەورو بەری لە دەشتی حەویجەدا دەمانەوەو دەواریان هەڵدەدا ، جگە لەبوونی دوژمنایەتی لەنێوانی ئەم عەرەبە کۆچەرانە وەك پەنابەر کوردانی حەویجە داڵدەیانیان داون[5].


رقم الجلد ٥٠٨٢٢ وصل جباية أموال الدولة
رقم التسلسل ٥٤
اسم الدائرة
| فلس | دينار | نوع الرسوم | السنة التي تعود اليها الرسوم | القسم |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ١ | | | |
| ٤٥٠ | ١ | | | |
لقد قبضت من
المبلغ المحرر اعلاه وقدره دينار و فلس
تاريخ
توقيع القابض
عنوان الوظيفة

رقم الجلد ١٢٣٨٧٤
محاسبة ١٣٧
الوصولات بالدراهم المستحصلة للحكومة
رقم التسلسل ٣٣ فلس/دينار
اسم الدائرة
وصل من
مبلغ دينار و فلس
على حساب
بتاريخ
توقيع القابض
عنوان الوظيفة

دوو بەڵگەنامە کە دێی ابو کعوبة کاکەیی نشین و سەر بە کاکەییەکانی کەرکوك بوون تاکو ساڵی ١٩٥٨

پێناسەی حەویجە:

لەبەر ئەوەی پێشتر بە ناحیەی ملحە دەناسرا بۆیە بەم جۆرەیان پێناسە کردووە :

((ناحیەی ملحە کەیەکێکە لەناحیەکانی ناوەندی قەزای کەرکوك وئێستا بەقەزای حەویجە ناسراوە،ئەکەوێتە بەشی خۆرئاوای باشوری شاری کەرکوك و پێشتر

شارۆچکەی ئەم ناحیەیە گوندی ملحە بووە کە کەوتۆتە سەر روباری زاب))[6].بەلاْم کاتێ ئەم گوندە پەرەی سەندو دانیشتوانی زۆر بوو،ناوەکەی بووە حەویجەو بەم شێوەیە باسی کراوە:

((حەویجە ئەو شارۆچکەیەیە کە ئەکەوێتە گۆشەی باکووری خۆرئاوای پارێزگای کەرکوك و پێشتر مەلْبەندی ناحیەی حەویجە بووە لەنێوان سالاْنی 1943ـ 1964پێش ئەوەی بکرێتە مەلْبەندی قەزاو ناحیەکانی ریازو عەباسیو پاشان ناحیەی زاب و مەلْبەندی ناحیەی بێتە سەر،لەسالْی1943بڕیارێك دەرکرا بۆ درووست کردنی ناحیەی حەویجە لە جیاتی ناحیەی (ملحە)[7]. لەسالْی 1970 ناحیەی (عەباسی)یان خستە سەرو لە سالْی 1984 ناحیەی (زاب)ی سەر بە پارێزگای موسلْیانیش خستە سەر.

سنوورو پێوانەی :

لەبەر ئەوەی ملحە سەرەتا بە شۆریجە دەناسراو پاش نیشتەجێکردنی عەرەبی کۆچەر تێیدا بە تایبەتی نزیکی گوندی شۆریجە لەدەمی پرۆژەی ئاوی حەویجە لە سالْی 1937داو بەشینەوەی زەوێکان بەسەریاندا بۆ نیشتە جێکردنیان و فێربوونی زەوی چاندن و بەرهەم هێنان ، وای لێهات ناوی شۆریجە بوو بە ملحە .سالْی 1962 شۆریجە کرایە مەلْبەندی قەزاو ناوەکەشی لەناحیەی ملحەوە بووە حەویجە ، حەویجە تا سالْی 1972 دوو ناحیەی (ریازو عەباسی) سەر بەم بوون و لە 1973 ناحیەی زاب کە مەلْبەندەکەی حەویجەو دووبز گوندی (شەك)ە ، کە کەوتۆتە باشوری قەراج خرایە سەر قەزای حەویجە))[8].

لەبەر بوونی جیاوازی لەسەرچاوەکاندا لەدیاری کردنی سنووری حەویجە. بۆیە ئێمەش ئەو چەند دێڕەی پێشوومان خستە پێش چاو .

سنووری ناحیەکە پێش ئەوەی بکرێتە قەزا بەم جۆرەیە..لەباکورەوە ناحیەی پردێ(ئالْتوون کۆپری)، لەخۆرئاواوە قەزای مەخمووری هەولێرو ناحیەی ( شەرگات)ی لیوای مووسلْ و زێی بچووك ئەو سنوورەیە کەلێکیان جیا دەکاتەوە . لەباشوریشەوە دیسان ناحیەی شەرگات و بێجی کە روباری دیجلە و چیاکانی حەمرین لێیانی جیا دەکاتەوە ))[9].

پێوانەی ناحیەکە:ـ

(پێوانەی،زەویەکانی ئەم ناحیەیە خۆی لە (2030کم$^2$)دەدات کە یەکسانە بە (812400دۆنم ـ مشارە)و بەرو بوومی کشتوکالْی بریتیە لەگەنم وجۆ،لۆکەو کونجی ..)[10].کەچی روبەری شاری حەویجە نزیکەی (3243کم$^2$) بووە[11].شایانی باسە ئەو عەرەبە کۆچەرانەی لەم روبەرەی خاکی حەویجەدا لە هۆزەکانی عوبێدو حەمدان و جبوور کە جێگربوون بەهۆی بەشینەوەی زەوی بەسەریاندا ،هۆزی عوبێد هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەی بەر کەوت و لەماوەی 21 سالْدا 124 گوندیان تێدا درووست کرد و هۆزی جبووریش 900کم$^2$ بۆ دابین کراو 85 گوندیان درووست کرد ، هۆزی حەمدانیش 200کم$^2$ لەم دەڤەرەی بەر کەوت و 14 گوندیان ئاوەدان کردەوە ، کەچی هۆزە کوردەکان تەنیا (100کم$^2$)یان بۆ مایەوە[12]،بۆ هەموو کەسێکیش دەر دەکەوێ لەگەل دامەزراندنی حکومەتی عیراق هەنگاوی بەعارەب کردنی شاری کەرکوك نراوە بەتایبەتیش لەزەوییەکانی حەویجە کە ئەکەوێتە خواروی رۆژئاوای کەرکوکەوە[13].


**سەرژمێری دانیشتوانی :**

**بەپێی سەرچاوەیەك نووسیویە لە ساڵی 1947 ،سەر ژمێری دانیشتوانی حەویجە (17769)کەس مەزندە کراوە، لەوانەی ناونووس کراون و نەکراون لەگەل هۆزە کۆچەرەوەکان و ژمارەی گوندەکانی(138)گوند بووەو دانیشتوانی پێکهاتووی عوبێدو جبورە و هەندێك لەکوردو تورکمان[14].**

**ژدیارە مەبەست لەتورکمان ئەو چەند خێزانە چاچانە هەلاّتوانەی روسیایان مەبەستە کە لەناوچەکەدا گیرسانەوە . بەلاّم بە گوێرەی ئاماری ساڵی 1957 ژمارەی دانیشتوانی خۆی لە (27705)کەس داوە،ئەم مارەیەش لەساڵی 1997 گەیشتۆتە (172870)کەس[15] ،دیارە ئەم رێژەیە لەزیادبوونی دەگەڕێتەوە بۆزیاتر نیشتەجێکردنی خەڵك لەم ناوچەیە بەهۆی پرۆژەی ئاویحەویجەوە کەبریتی بووە لە جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ کز کردنەوەی دەسەلاّتی کوردی لەشاری کەرکوکداو دەست بەسەردا گرتنی ئینگلیز بەسەر بیرە نەوتەکاندا ،چونکە یەکەم بیری نەوتیان لە ساڵی 1927 لەشاری کەرکوکدا دۆزییەوە .**

**پرۆژەی ئاودێری حەویجە :**

**لەبەر نەبوونی سەرچاوەی ئاوو کانی لەم ناوچەیە هەر وەکو زەوی و زارەکانی رۆژئاوای داقوق ، زەوییەکانی ناوچەکە دەیمی بوون و پشت بە ئاوی باران دەبەستڕا ، بەلاّم لەساڵی 1936 جۆگەلە ئاوێکیان بە درێژی 13کم لە زێی بچوکەوە بۆیان هێناوە کە بەناوی جۆگەلەی حەویجە ناسراوە ، لە دێی سابیر بەگەوە تاکو ناو قەزاکە سێ لقی لێ بۆتەوە ، لقی رۆژهەلاّتی حەویجە تا شارۆچکەی (ریاز) دەڕوات بە درێژی ( 13کم ) بەلاّم لقی رۆژ ئاوای دەگاتە گوندەکانی ئەلبو سەگری جبوور بەدرێژی ( 12کم ) زەویو زار ئاو دەدات و لقی خواروی حەویجەش زەویەکانی عوبێد ئاو دەدات و بەدرێژی (12)[16]. بەلاّم لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی ئەم پرۆژەیە هاتووە کە پرۆژەکە بەجۆگەلە ئاوێك دەست پێدەکات کە بەدرێژایی (55کم)لەزێی خواروەوە وەرگیراوە،بەرەو زەوییەکانی رۆژئاوای شاری کەرکوك بۆ ئاودانی رووبەرێك لەزەوی کە 220هەزار مشارەی چوار گۆشەیە،دەست بەکارکردن کرا لەم پرۆژەیە لە 1936بۆ 1652،لەم ماوەیەدا دەست کرا بەدابەش کردنی زەوی بەسەر ئەو عەرەبە کۆچەرانەی بە نیازی نیشتەجێکردنیان و بەڕێژەی (70– 80)مشارە درایە هەریەك لەخێزانێك[17].لەساڵی 1977 بۆ گەشەدان بە پرۆژەی ئاودێری ناوچەکە پرۆژەی (ری صدام) لە ناوچەکە دەست پێ کرا ، ئەمەش بووە هۆی گەشە سەندنی خەڵکی ناوچەی حەویجەو زیاتر خەڵکانی هۆزە عەرەبەکانی تێدا جێگیر بێت[18].**




**سی.جی.ئەدمۆندز بەناوچەی حەویجەی ئێستادا تێپەڕ**

بووەو هەندێ شوێنانی وەك ماحوز،ورمان ، متێبخ ، تەل عەلی بینیوە بە شوێنەواری دێرینەیان ناو دەبات کە شتی کۆنینەو ئاسەواری تێدا دۆزراوەتەوە ، بەشوێنەواری ئـاشوری لـەقەڵەم دەدات و جوتیـارێکی لـەو ناوچەیە دیتوە خـەریکی هەڵکەندنی جۆگەیەك بووە بەو هیوایـەیئاو بگەیەنێتـە ئـەو زەویـیە بەیارانـەی کەچەند سەدەیەکە نەکێڵراوە ، جا لەبەر تکای دەرەبەگێك ئەم پرۆژەی ئاویحەویجەیەی خستووەتە پـێش چاوی دایرەی رەیو لەسالی 1944 ئەڵێ سـەردانی ناوچـەکەم کـرد ،دڵخۆش بـووم کـە ڕوانـیم چـەند سـەد خێزانێ چاچان و تیرەکانی جبور و عوبێدی تێدا گیرساونەتەوە ، کەسانی تـریش هـەبوون کـە چـاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد لە ناوچەکەدا جێگیر بکرێن[19].

لـەگۆڤاری ( اخبـار الحـرب والعـالم ) هـەواڵی پـرۆژەی حەویجە بلاٌوکراوەتـەوە تێیـدا هـاتووە ئـەڵێ : مـیری لەسالی رابردودا ( واتە 1944 ) دەستی کردە جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوی حەویجە لـە بـاکوری عێراقـدا کە پلە بـە پلـە کـاری تێـدا بـەڕێوە بـڕوات لەبـەر گـەورەیی پرۆژەکـەو زۆری ئـەو پـارەو پوولـەی پێویـستی پێیـەتی ، هـەموو ساڵێکـیش بڕێـك پـارەی بـۆ دادەنـرێ ، وەزارەت توانیویـە ئـەم سـاڵ 43000 دینـار لـە میزانییەی گشتی دابین بکا بۆ بەردەوام بوونی کارەکان لەپرۆژەکەو بۆ ئەم مەبەسـتەش وەزیـری گەیانـدن وئەشغال سەردانی ئەم پرۆژەیەی کرد[20]،هاتنی ئەم هۆزە کۆچەرانەی عـەرەبی دوورگـەی عـەرەبی بـەرەو کوردستان بە شێوەی شەپۆڵ لە سەردەمی عـوسمانیو پاشای دەوڵەتی عیراق فـەیـسەڵی یەکـەم کـارێکی زۆر گەورەی کـردە سـەر گـۆڕینی دیمۆگرافیـا و تۆبۆگرافیـای کوردسـتان و شـارو شارۆچکەکانی ، لـەو هۆزانـەی رویـان کـردە ئـەم دەڤەرانـەی کوردسـتان وەك شـەمەرو ، فەداعنـەو ، هـۆزی زەفـیر کـەتاقمێك لـەوان بـە البومفرج دەناسرێن رویان کـردە حەویجە ،

هـەروەها الحلیـل و کراعنـە و خـشامنەو البوعـامر.هەمـدیس هۆزەکـانی عنـزەو جەوالـە کـە لەکـەرکوك وحەویجە جێگیر بوون[21].شەڕی جەوالەوکاکـەیی بەناوبانگـە کـە لەسـەردەمی سـەید خـەلیل ئاغـای هـۆزی کاکـەیی کـەرکوك رووی داوە لە دەڤەری خۆر ئاوای داقوق نزیك قەلاٌی عوزێر،ئەم زاتە عـوزێر پاڵـەوانێکی ئەم داستانەیە بەخۆیو عەشیرەتی کاکەیی نەیان هێشت جەواله بداتە سەر زەویو زاریان،لـەو شـەڕەدا ئـەم هۆسانە دژی کاکەییەکان وتراوە :

( یاعوزیر اطلع تا نکضیهە ـــ دوك چادرك خیّم بیهە )

( هذا عوزیر و سواها ـــــ دم الخنزیر و دواها )

زۆربەی سەرچـاوەکان بـاسی دوژمنایەتی نێوان عەشـیرەتی عوبێـدو شـەممەری دراوسـێیان دەکـات و هـەر شەمەریش بووەتە هۆی دەرپەڕاندنی عوبێد کـەگیرسابونەوە لـەسەر رۆخـی راسـتی روبـاری دیجلـە لـەنێوان سامەڕاو کەرکوك کـەپێشتر لە کۆچڕەودا بوون لـەگەل هۆزە کۆچـەرەکانی تـەیو حەدیـدیێکان لـە دەڤـەری حەویجـەدا[22]. لەسـەرەتای بیـستەکانی سـەدەی رابـردوو پـەنایان وەبـەر کـوردە نیـشتەجێکانی حەویجـە هێنابوو،ئەمانیش بوون بۆ موبایەعەی مەلیکی کوردستان ، شـێخ مـەحمودی نـەمر پیـاو مـاقولاٌنی خۆیـان

ڕەوانەی لای شێخ مەحمود کردووە[23].پاش جێگیر بوونی عەرەبی حەویجە لەم دەڤەرەدا دەستیان کرد برەوپێدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ودۆستایەتی پەیداکردن لەگەڵ هۆزو تیرە کوردەکانی کەرکوك و دەوروبەری بەتایبەتی کاکەییەکانی هاوسنوریان ،لەم بوارەشدا ئاشنایەتیان پەیدا کرد لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکان لەگەڵ بۆنەو کاروباردا دەهاتن ئەم دۆستایەتییەیان دوپات دەکردەوە، پاراستنی هێمنیو برایەتی مەبەستی سەرەکییان بوو،بەڕاستیش لە ناوچەکەدا پەیوەندییان باش بوو. شێخ مزهر العاسی ببوە دۆستێکی پەسەندی سەید فەتاح ئاغای کاکەیی و زۆرجار هاتو چۆی دەکرد وەك کاکەییەکان دەڵێن سەید فەتاح بوو شێخ مزهر العاسی لەپەتی سێدارە رزگار کردووە ، لەو زیاتر کەس نەچووەتە هانایەوە ، لەبەر ئەم خۆشەویستیەی نێوان هەردوکیان کاتێ فەتاح ئاغا لە 1954 کۆچی دووای کرد ، شێخ و سوارانی عەشیرەتی عوبێد هاتبوونە پرسەوە ، بە چوار دەوری قەسرەکەی فەتاح ئاغا لەگوندی تۆپزاوە دەهاتنە یەکاو تەقەیان دەکرد دەیان وت :

((فتاح الطير واحنە جناحە ـ فتاح الطگ واحنە سلاحە ))

ئەمەش یەکێك بوو لەو دڵسۆزی و برایەتییەی نێوان دوو هۆزی کورد و عەرەب کەزەمانە کردیانیە هاوسنووری یەکتر پێکەوە ژیانیان بۆ خۆیان بە پەسەند زانی .

---

سەرچاوەو پەراوێزەکان


1.محمد جميل الروژبيانى،نبذة عن العشيره الروزبيانية الطبعة الثانية،مطبعة الثقافة اربيل 2001 ص16

2.محەمەد جەمیل رۆژبەیانی ، بنەماڵەی خانەقا لە کەرکوك ، رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (1139 ) رۆژی 1989/12/28 .

3.عەباس سلێمان سمایل،حەویجەو دوبز لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا،گوڤاری نەوشەفەق ژ(9). کانوونی یەکەمی 2003 ، ل 6 .هەر وەها بڕوانە ئەحمەد رەحیم ئەمین ، حەویجە خاکی زەوت کراوی داوێنی حەمرین،گۆڤاری هاواری کەرکوك ژ(4) ساڵی 1999، ل 53 ـ 54 .

4.احمد رشيد بيبانى كركوك الجريحه ،وزاره الثقافة المديريه العامه للطباعة والنشر حكومه اقليم كوردستان،السليمانيه 2004 ص55 ـ64 .

5. گۆڤاری نەوشەفەق ژ(9) ساڵی 2003 ل7 .

6. محمد هادى الدفتر و عبدالله حسن،العراق الشمالى،مطبعة شفيق ، بغداد 1955 ص256

7. د. خليل اسماعيل ، كركوك دراسات فى التكوين القومى للسكان ، ص43 .

8. گۆڤاری نەوشەفەق ژ(9) ساڵی 2003 ، ل7ـ8 .

9.العراق الشمالى ، ص256.

10. سەرچاوەی پێشوو ، ل257 .
11. گۆڤاری هاواری کەرکوك ژ(4) ساڵی 1999 ،ل52 .
12. گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ل49ـ48 .
13. فهمی هویدی ، الاكراد شعب الله المحتار ، گۆڤاری هاواری کەرکوك ژ(4) ساڵی 1999 ، ل171 .
14. العراق الشمالی ، ص257 .
15. گۆڤاری هاواری کەرکوك ژ(4) ، ل52 .
16. سەرچاوەی پێشوو ، ل50ـ52 .
17. د. خليل اسماعيل . كركوك دراسات في التكوين القومی للسكان ، ص15 .
18. سەرچاوەی پێشوو ، ل16 .
19.سی.جی.ادموندز،كرد و ترك و عرب،ترجمه جرجيس فتح الله،مطبعة تايمس،بغداد 1971،ص290.
20. مجله اخبار الحرب والعالم ، العدد(84) ، 4ابريل سنه 1945 ، رساله العراق
21. كركوك دراسات في التكوين القومی للسكان ، ص14 .
22. سەرچاوەی پێشوو ، ل14 هەروەها د.كمال مزهر احمد ،كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، الجزء الاول ، مطبعة رينوين ص72 .
23. گۆڤاری هاواری کەرکوك ژ(4) ، ل50.